ڕێبەر ئەحمەد: فیدراڵییەت هەڕەشە نییە بۆ سەر یەکێتیی عێراق



وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردەوە، فیدراڵییەت هەڕەشە نییە بۆ سەر یەکێتیی عێراق، بەڵکو تاکە سیستەمە کە دەتوانێت پێیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا پتەو بکات و سەقامگیریی درێژخایەن مسۆگەر بکات.

پێنجشەممە، 12ـی شوباتی 2026، ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە میانەی پێشکەشکردنی گوتارێکدا، لە پێیمانگای هەدسن لە واشنتن خوێندنەوەیەکی وردی بۆ دۆخی هەستیاری قۆناغەکە ناوەڕاست، پێیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ گەشەپێدان خستە ڕوو.

ناوبراو جەختی لەوە کردەوە کە ناوچەکە لەبەردەم دووڕیانێکی چارەنووسسازدایە؛ لە لایەک دەرفەتی ئابووریی هاوبەش لە ئارادایە و لە لایەکی دیکەشەوە گرژییەکان دۆخێکی نادڵنیاییان دروست کردووە.

وەزیری ناوخۆ ئاماژەی بۆ دا، کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، ئۆگەر بۆ بەرنامەی

وردبێت، بەشایەتی دروست دەکات کە لایەنانی دیکە پێی دەکەنووە و ئەمش ئاڕاستەیەکان قووڵتر دەکاتەوە.

ڕێبەر ئەحمەد رایگەیاند: "سەرهەڵدانەوەی داعش هێشتا مەترسیەکی جددی و گەورەیە. هەرەمی کوردستان وەک هاوپەیمانەکی متمانەپێکراو قوربانیی گەورەی داوە، بە جۆرێک نزیکەی 2 هەزار پێشمەرگەمان لە تێکشکاندنی داعش شەهید بوون و 12 هەزاری دیکەش بریندار بوون، قارەمانێتی بو جۆرگی پێشمەرگە بوو ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئازادکردنی مووسڵ." هەروەها نیگەرانیی خۆی نیشان دا سەبارەت بە دۆخی ئەمنیی سووریا و کاریگەرییەکانی لەسەر ناوچەکە.

لە بەشێکی دیکەی گوتەکانیدا، ڕێبەر ئەحمەد باسی لە پرسی کورد کرد و گوتی: "نەتەوەی کورد کە ژمارەی 40 ملیۆن کەسە، هێشتا دەوڵەتی نییە و مافەکانی بەدەست نەهێناوە، سەرۆکایەتی ئەوەی هەمیشە پاڵەوانی چەسپاندنی بەها دیموکراسییەکان بووە".

وەزیری ناوخۆ پەیامێکی ئاراستەی واشنتن کرد و گوتی: "گەرەنتیی پاراستنی کورد تەنیا لە ڕێگەی ئەمنییەتەوە نییە، بەڵکو دەبێت ناسنامە و مافە دەستوورییەکانی گەلەکەمان بپارێزرێن، چونکە پاراستنی کورد بەشێکە لە پاراستنی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست."

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ڕێبەر ئەحمەد دیدگای هەرەمی کوردستانی دووپات کردەوە کە عێراقێکی بەهێز لەسەر بنەمای جیابجێکردنی دەستوور دەوێستێت.

ناوبراو ڕوونی کردەوە: "فیدراڵییەت هەڵەش نییە بە سەر یەکێتیی عێراق، بەڵکو تاکە سیستەمە کە دەتوانێت پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا پتەو بکات و سەقامگیریی درێژخایەن مسۆگەر بکات."

هەروەها هەشداریی دا لە عەقڵیەتی مەرکەزییەت و گوتی: "دیدگای مەرکەزییەت هەمیشە هۆی ناسەقامگیری و کارەسات بووە؛ هەر بۆیە عەقڵیەتی مەرکەزییەتەوە بوو کە چەکی کیمیایییمان لێدڕ بەکارهێنرا و ئێنفال کراین."

وەزیری ناوخۆ تیشکی خستە سەر بڕیارەکانی هەرەمی کوردستان لێژنەی سەرکردایەتیی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرەمی کوردستان.

ڕێبەر ئەحمەد رایگەیاند: "چیرکی هەرەمی کوردستان تەنیا چیرکی هووبووونەوەی ئاینگاریەکان نییە، بەکو چیرکی خۆاگری و گەشەسەندنە. ئەم توانیومانە ببینە خاوەنی کارەبای 24 کاتژمێری، قەیرانی ئاومان چارەسەر کردووە و خزمەتگوزاریەکانمان بە دیجیتاڵی کردووە."

وەزیری ناوخۆ جەختی کردەوە کە بەهێزیی هەرەمی کوردستان لە بەرژەوەندیی عێراق و ناوچەکە و هەموواندایە و گوتی: "ئەم دەستکەوتانە دەنگدانەوەی پابەندیی ئەمنیە بە ئەوەی لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا پشت بە خۆمان ببەستین و ببینە ناوەندێکی بازرگانی و ئابووریی گرنگ."